به بۆنەی بیست و دووەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامان، ئەو گۆڤارەی تا ئێستا ڕووباری عەرەقی ماندوێتی لە لاپەڕەکانیدا دەچۆڕێتەوە


جیهان عومەر

(سلێمانی)


ڕامان، ئەو گۆڤارەی تا ئێستا ڕووباری عەرەقی ماندوێتی لە لاپەڕەکانیدا دەچۆڕێتەوە، بەردەوام لە ماوەی بیست و یەک ساڵی تەمەنیدا لە خزمەتی ئەدەب و ڕەخنەی و لێکوڵینەوە و داهێنان و فەلسەفە و مێژوو بووە و خزمەتی عەقڵی خوێندەواری کوردی کردووە، مانگانە لە کاروانی تەمەنی خۆیدا بێ وچان کاری کردووە و دوانەکەوتووە و ئەو ئاراستەیەی لە خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری گرتوویەتییە بەر لەسەری بەردەوامەو لە لای خوێندەواری کورد جێگای خۆی کردووەتەوە.

بێ شک گۆڤاری ڕامان هەگبەکەی هەمیشە پڕ بووە لە بابەتی هەمەجۆر، لە ئەدەبی و ڕۆشنبیری گشتی، بە تایبەتی جێگای خۆی و جێگای دەستی دیار بووە، بە تایبەتی لە چیرۆک و شیعر و شیکردنەوە و ڕەخنە و دەقی جوان لەو بوارانەدا.

ڕامان هەمیشە خاوەنی ئاشکراکردنی لاپەڕە مێژووییەکان بووە، لاپەڕەکانی بە تاڵ نەبووە لەو بوارە جوانەی مێژووی کورد و نەتەوەکانی دیکە.

ئەمە بێجگە لە بابەتی ڕەخنەیی و شیکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، لەسەرووی ئەمانەشەوە هەنگاوی چاکتری لە بواری زانست و بابەتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری منداڵاندا ناوە.

ئێستا لەوانەیە هەندێک خوێنەری ئەم گۆڤارە لە بیر و هەست و هزری خۆیدا بڵێت ئەم وتارە زۆری بەسەر ئەو گۆڤارەدا هەڵداوە، بەڵام من بە پێچەوانەی ئەوانەوە دەڵێم ماوەی ئەم بیست و یەک ساڵەی کاروانی ئەم گۆڤارە کە لەگەڵیدا ڕۆیشتووم گەلێک بابەتی هەمەجۆر، بە تایبەتی بابەتی چیرۆکم بۆ ئەم گۆڤارە ناردووە، سەرنووسەرە بەڕێزەکەشی مامۆستا ئازاد عەبدولواحید هەمیشە هاندەری ئەدیب و نووسەر و چیرۆکنووسەکان و شاعیرەکان بووە، بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانیان لەو گۆڤارەدا.

ئەوە بێجگە لەوەی ئیدارەی ئەم گۆڤارە خەڵکانی لە ئەدیب و نووسەران، بە تایبەتی نووسەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستانی بەسەر کردووەتەوە، لە فیستیڤاڵە جوان و گرنگەکانیدا کە هەرجارەی لە شوێنێک و شارێک لە شارەکانی کوردستانی باشوور ئەو کارەی کردووە.

لە کۆتایی نووسینەکەمدا پیرۆزبایی خۆم لە ئیدارە جوانەکەی ڕامان و لە سەرنووسەرەکەی و ستافی گۆڤارەکە و هونەری بەڕێوەبردنی ئەو گۆڤارە دەکەم.